# بڕیاری دادگای کردنی وەزیرەکنی عەلاوی

## مەهدی کامیل

بێگومان هەر حکومەتێك لە شێوەی سێ دەسەڵاتی سەربەخۆدا شكڵ دەگرێت ,کەپێك هاتون لە ,دەسەڵاتی تەشریعی کەخۆی لە پەرلەماندا دەنوێنێت ,ئەرکی داڕشتنی دەستورو یاساو سیاغە کردنی بڕیارەکانە. دەسەڵاتی تەنفیزی کە خۆی لەشێوەی ئەنجومەنی وەزیران ووەزارەتەکاندا بەیان دەکات ,ئەرکی بەڕێوەبردن وڕێك خستن وئاسایش وئارامی وپاراستنی ووڵات وجێبەجێکردنی بڕیارەکانی پەرلەمانە. دەسەڵاتی قەزائی ,بەرپرسیارە لەبەرامبەر جێبەجێکردنی یاسا بەشێوەیەکی یەکسان ,بەشێوەیەك کەهەموو کەس مافی یەکسانی هەبێت . وەهەست بەدڵنیا بوون بکات لەبەرامبەر بوونی یاسادا .وە ئەم دەزگایە لەتوانایدا هەبێت بڕیارەکانی جێبەجێبکات .بتوانێت هەموو کەس بهێنێتە بەردەم دادگا, لەهاوڵاتیەکی سادەوە تاسەرۆکی ووڵات .ئەم توانایەش بۆخۆی سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی زامن دەکات ,وە مەرجی سەرکەوتنی هەر دەسەڵاتێکیشە. وەدەورێکی گرنگ دەگێڕێت لەڕێخستنی ژیانی مەدەنی هەرکۆمەڵگایەکدا ...

حکومەتی نوێی عێراق پاش ململانەیەکی توند ,زۆرێك نیە تەشکیلەی کابینەکەی خۆی بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەل جەعفەری ڕاگەیاندوە .هەرچەندە بڕواناکەم کابینەکەی ئەل جەعفەریش بتوانێت بەردێك بهاوێتە سەر یەکێکیتر ,بەڵام ممکینە ژمارەیەك لەوەزیرەکانی بەهەمان بادەی کابینەکەی عەلاوی مەست بن ودوای ڕاپێچی دادگا بکرێن . جاکێ چوزانیت دەکرێن یان نەء ...

ئەم کابینەیە کەبەم نزیکانە دەست بەکاربوە لەسەرەوەی کارەکانیدا ,وەیەکێك لەبڕیارە گرنگەکانی بڕیاری داوە لێپێچینەوە لە هەندێك لەو وەزیرە بەڕێزانە بکات کەلەکابینەکەی عەلاویدا بەژداربوون .وەدادگای عێراقی دۆسیەی تایبەتی بۆ هەریەك لەو بەڕێزانە کردۆتەوە کە تۆمەت بارکراون بەگەندەڵی ئیداری و دارای , وەبردن(دزین)ی پارەو پول وممتەلەکاتی دەوڵەت. داوای لێکدون لەبەردەم دادگادا ئامادەبن .ئەمە تەواو لەگەڵ بنەماکانی هەر حکومەتێکی یاسای دیموکراسی وە حکومەتێکی شەرعی قانونیدا ,هاوڕێك دێتەوە بگرە جێگای دڵخۆشیشە. وەسەبەخۆی دادگا مەرجە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی ....

بائێمەلە هەموو ئەو ئیشکالیەتە ناوخۆییانەی ئەم حکومەتە چاو بپۆشین, وە ناکۆکیەکانی خۆشمان وەلاوەبنێین. تەنها لەسیاقی ئەم بڕیارەوە سەیر بکەیین . دەسەڵاتی نوێ لە عێراقدا دەسەڵاتێکی تازەیە ,خاوەنی ئەزموونێکی کەمە . ئەوکەسەی ئەرکی دروست کردنی حکومەتی لەسەر شانە کابرایەکی شیعەی توندە .باگراوندێکی مەزهەبی هەیە, وە زۆر متەماسیکە بەبڕیارەکانی حەوزەوە ,لەبەردەم گەورەترین هەڕشەو ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆرو خۆکوژیدایە ,خۆیو حکومەت و ووڵاتەکەشی .لەووڵاتێکدا نائارامترین ووڵاتە ئێستا لەدنیادا .بەگرنگترین قۆناغ لەژیانی سیاسیدا تێپەڕ دەبێت ,کەبینای حەیاتی ئیجتماعی وسیاسی وئیداری کۆمەڵگای داهاتوی عێراقی تێدا دەکرێت . زۆرە تایبەت مەندیەکانی ئەم قۆناغە ....

بەهەموو ئەمانەوە کەباسمانکرد , کورد خۆی و دەسەڵاتەکەشی هاوبەش وشەریکی یەکەمی ئەم دەسەڵاتەیە . بەهەمان حەجم ئەگەر زیاتر نەبێت, ئەم قۆناغە گرنگە وەداهاتوی پەیوەندی سیاسی وئیداری ئابوری وکۆمەڵایەتی

وفەرهەنگی ئەم دەسەڵاتە وەدەسەڵاتی مەرکەزی , وەلەگەڵ عەرەب دیاری دەکات . بەکورتی قۆناغێکی نوێی هەستیارە .

پرسیارەکەئەمەیە؟

دەسەڵاتێك بەم ئەزمونە کەمەیەوە بۆ دەتوانێت دادگای هەموو ئەو وەزیرو بەرپرسانە بکات کەسەروەت و سامانی ئەو وڵاتەیان داگیرکردوە ,لەکاتێکدا لەبەردەم گەورەترین هەڕشەشدابێت , ئەم بڕیارە بۆ خۆی قرسای هەیە وە گرنگە ....

بەڵام دەسەڵاتی کوردی دیارە مەبەستمان لەو مێژووەیە کەلە 1991\3\7 وە دەست پێدەکات هەتائێستا, کەقۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات ,.کەدەکاتە زیاتر لە چواردەساڵ ,چەندجار لەو مێژووە درێژترە کەلە دوای (4\9)ە دەست پێدەکات .بۆ ئەم حکومەتە ئەوهاکارێك بکات ,بۆ دەسەڵاتی کوردی بەدرێژای ئەو ماوەیە نەی توانی هیچ کارێکی نزیك لەمەش ئەنجام بدات ....

دەسەڵاتی کوردی جگە لەوەی خۆی زادەی گۆڕانکاریەکانی جیهان بوو کەبە گرتنی کوەیت دەستی پێکرد. لەئەنجامدا حکومەتی بەعس لاوازبو جەماوەری خەڵك ڕاپەرینیان بەرپاکردو ,بەڵام ئەودەسەڵاتەی جێگای ئەم دەسەڵاتەی گرتەوە . ئەوە بوو کەبینیمان . سەرجەم هیواکانی تاساند ,دنیایەك مەحرومیەت و نەهامەتی بەدیاری بۆ ئەم گەلەهێنا, کەزۆری کەمتر نەبوو لەپێش خۆی . کەبەداخەوە چ شتێکی تریان بۆ ئەم مێژووە پێنیە جگە لە فەسادی ئیداری و مالی و شەڕوکوشتار . هەر لەشەڕی ناوخۆوە . کوشتنی هەزاران لەڕۆڵەکانی ئەم گەلە , ئەو زیندانانەی کە بەعس بەبەتاڵی جێی هێشتبوون ئەمان پڕیان کردەوە لەلایەنگری یەکتری , تاڵانکردن وئاودیو کردنی هەموو ئەو شتانەی کەبە کەڵکی ژیانی مەدەنی دەهاتن , دزینی سەروەت وسامانی ئەم وڵاتە , یان دەکرا بەباروت وگیان وماڵی هاوڵاتیانی پێدەسوتێنرا ,ئەوەشی لەمە زیادبوایە دەکرا بە دۆلارو بە(تـەن) ڕەوانەی بانکەکانی ئەوروپادەکرا ...

دەست گرتن و هێنانی دووژمنەکانی ئەم وڵاتە بۆ ناو ماڵ وسەر سفرەی بەتاڵی فەرمابەرەکانی حکومەت . بێسەرو شوێن کردنی سەدان کەس تەنها بە پاساوی مخالفینی دەسەڵات , سەرئەنجام زۆر بەی زۆری ئەمبەرپرسە بەڕێزانە قارەمانەکانی شاخ و شەڕی ناوخۆ , فایلی قەبارە گەورەیان بۆهاتەوە پاش ڕوخانی بەعس , کێ چوزانێت پاش ڕوخانی وڵاتانی دراوسێ ئەگەر ڕوبدات دیاری چۆن چۆنمان بۆدێتەوە . بۆ هەموو ئەمانە بەدرێژای تەمەنی ئەم دەسەڵاتە تەنها جارێکیش نەمان دی , نەمان بیست بوترێت کەفلان بەرپرس تەنها تۆمەت بارکراوە نەك دادگای کراوە ...

ئاخر بەرپرسەکانی ئێمە چیان کردوە , فەقیرانە دادگا لەخۆیەوە بڵێت چی , کێ بانگ بکات , دۆسیە بۆ کێ بکاتەوە , پێیان بڵێت چی , قابیلە بڵێت ئەو هەموو ترومبێلە عەجایب وغەرایبە هی کێیە . ئەی ئەگەر ئەمان نەی هێنن ڕوخساری شارستانیمان وەك ئەوانی تر نابێت ودوادەکەوین لەکاروانەکە . ئەی ئەو چەندان قەسرو ڤێلایە هی کێیە . ئەوە چەندەها هێکتارە زەویە هی کێیە , ئەی ئەو ئاپاتمانە شوشە بەندانە کێدروستی کردون . ئەو کۆمپانیایانەی تەندەرەکان هەڵدەلوشن و پڕۆژەکان لەنیوەیدا بەجێدەهێڵن کێ بەرپرسە لێی , خۆ ئەگەر بەتەواوی هی بەپرسێکی بەڕێز نەبێت , بەدڵنیاییەوە نیوەی هی ئەوە . ئەی کێیە تەندەرەکانی بۆ مسۆگەردەکات . بێگومان ئەمانەن حەسەناتی ئەم دەسەڵاتە ....

زۆرە زۆر زۆرە ئەوانەی ڕوی ئەم دەسەڵاتەیان سپی سپی کردوە , نەیانهێڵاوە حەقی مللەت بچێت بەلای بەرپرسانەوە . ئەی کوا کێدەڵێت , کێ ووتی , لەکوێتان بوو , ئەمانە هی کێیە , خۆقابیلە هەمووی (من فەزڵی ڕبی بێت) ...

بەلأم ئەگەر عارەبانە چیەك کەئەم دەسەڵاتە عەرەبانەیەکی پێڕەوابینیوە , لەسەر جادەیەك بوەستێت کەقوتی ماڵ منالی وکرێخانوە کەشی لەسەر ئەوحەماڵیەیە کەرۆژانە لەسەر پشتی ئەم عارەبانە پەیدای دەکات , هەر ئەویشە لەنیوە شەوەوە نیوەی خەوەکەی دەبات بۆ ڕیزی دەنگدان , تاوەلائی خۆی بداتەوە بەم دەسەڵاتە زەریفە , کاتێك لەسەرجادەیەك خەریکی پێکەوەنانی فلسەکانە , لەپڕ خەیاڵی خۆشی تێك دەچێت و بەڕاکدن پڵبنێ !!!!!!!.

زۆرئاسانە گرتن و دانە بەرشەقی وە خوارکردنی کەرامەتی ئینسانی . چونکە دیاردەیەکی ناشارستانیە , ڕوخساری دەستە خوشکەکانی بەڕلین پاریس ناشرین دەکات , چما دزینی هەزاران هەزارو ملیۆنان دیاردەیەکی شارستانیە ؟؟؟!!!!!!!!!.

ئایەکاتی ئەوە نەهاتوە ئەم مەرحەلەیە تێبپەڕێنین , ئێمەش دادگای هەموو ئەوانە بکەین کە یاری بەچارەنوسی ئەم میللەتە دەکەن , سەروەت وسامانی دەبەن , بەلأم کێ بیکات , قابیلە تاوان بار خۆی دادگای خۆی بکات . تاکەی بێدەنگی , بۆنابێت دەوڵەتی یاساهەبێت . ئایە ئەم یاسایە ئەوەندە لەعنەتیە , بونی بەلأیەکی گەرەیە بۆبەرپرسا وانایەڵن بێت ؟؟...